# هەرێمی کوردستان و گۆڵمەزی میلیشیاکان

04-10-2020

**نووسەرەکان**

ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕوداو

**کورتە** : لەماوەی چەند مانگی ڕابردوودا کردە چەکدارییەکانی ژمارەیەك گرووپی بەرهەڵستکاری ئەمریکا لە عێراق زیادیان کردووە و ئەگەر وابڕوات، لەوانەیە بۆ پێکدادانێکی ڕاستەوخۆتر لە جاران مل بنێت.

**یاسین تەها ـ زریان رۆژهەڵاتی|**

**بەرایی**

لەماوەی چەند مانگی رابردوودا کردە چەکدارییەکانی ژمارەیەك گرووپی بەرهەڵستکاری ئەمریکا لە عێراق زیادیان کردووە و ئەگەر وابڕوات، لەوانەیە بۆ پێکدادانێکی راستەوخۆتر لە جاران مل بنێت. لەماوەی ئەم چەند رۆژە سەرەتاییەی مانگی ئۆکتۆبەردا هێرشەکان وەستان، بەڵام جارێ هیچ گەرەنتییەك نییە کە ئەم راگیرانە بەردەوام بێت. رووداوەکانی مانگی ئەیلوولی ئەمساڵ گوزارشت لە گۆڕانێك لە تەکتیکی گرووپەکانی "بەرگری"دا دەکەن و ئاستی کردەوەکانیان لە دژی ئەمریکا و هاوپەیمانان پلەیەکی دیکە بەرز کردۆتەوە. جاران ئەگەر زیاتر کۆمپانیا عێراقییەکانی هاوکاری هاوپەیمانان و دەورووبەری فڕۆکەخانەی بەغدایان کردبێتە ئامانج، لە مانگی ئەیلوولدا، بێجگە لەوانە بنکە سەربازییەکان و نێردە دیپلۆماتییەکانیشیان لەبەردەم قەرەوڵی خۆیان داناوە.

حکومەت تا ئێستا نەیتوانیوە ئەم گرووپانە کۆنترۆڵ بکات و ئەمەش بێجگە لە پرسە ئەمنی و سەربازییەکان، ئەگەری خولڵقاندنی گرفتێکی دیپلۆماسیشی بۆ عێراق زیاد کرد کە بێگومان، ئەگەر لەماوەی کورتخایەنیشدا نەبێت، ئەوا لە درێژخایەندا کاریگەریی نیگەتیڤی بۆ سەر هەرێمی کوردستانیش دەبێت. بێجگە لەوە، موشەکبارانەکەی چەند رۆژی رابردووی دەورووبەری فڕۆکەخانەی هەولێریش دەریخست کە قەیرانی میلیشیاکان چۆنچۆنی دەتوانێت ئاسایشی هەرێمی کوردستانیش بشێوێنێ.

**ئامانجی هێرشەکان گۆڕاوە؟**

لەماوەی نێوان هەردوو مانگی ئاب و ئەیلوولدا، 37 جار هێرش بۆ سەر کاروانی لوجستیکی هێزەکانی هاوپەیمانان، ناوچەی سەوز و دەورووبەری فڕۆکەخانەکان و بنکە سەربازییەکان کراون.[1] 17جاریان هێرش کراوەتە سەر ئەو کۆمپانیا عێراقییانەی کە گرێبەستیان لەگەڵ هاوپەیمانان هەیە و کاروباری لۆجستیکی دەکەن. ئەوانەش زیاتر لە مانگی ئابدا لە ناوچەکانی بابل، زیقار، دیوانییە و سەلاحەدین و بەغدا چڕ بووەنەتەوە. بەمەش وادەردەکەوێت کە ئامانجێکی سەرەکی هێرشکاران، زیاتر دروووستکردنی ترس و دڵەڕاوکێ و پەشیمانکردنەوەی کۆمپانیاکان بووە لە هاوکاریی هاوپەیمانان، نەك ئەوەی کە راستەوخۆ هێزەکانی هاوپەیمانان و ئەمریکا بکەنە ئامانج. ژەنراڵ فرانك مەکنزی فەرماندەی ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست، ئەمەی بەڕوونی هێناوەتە سەرزمان و گوتوویەتی:" ئەوان پەلاماری ئێمە نادەن. هێرشەکان قوربانیان نییە بەڵام بەردەوامن."[2] راستییەکەی ئەوەیە کە ئەو هێرشانە زیاتر لەرێی بۆمبی تەوقیتکراو، لەسەر رێگا کراون و ئامانجەکەشیان درووستکردنی خەسارێکی گیانیی زۆر نەبووە و تەنها لە نیوەڕاستی ئەیلوولدا نەبێ کە لە یەکێك لەو هێرشانەدا کەسێك کوژراوە، ئەگینا هێرشەکانی پێشوو تەنها چەند بریندارێکی کەمیان لێکەوتۆتەوە. بە لەبەرچاو گرتنی کاردانەوەی ئەمریکا لەبەرامبەر کوژرانی هاوڵاتییەك لە کەرکووك، پێدەچێت گرووپەکانی" موقاوەمە" هەستناکییەکی زیاتریان هەبووبێت تا هێرشەکانیان زیانی گیانی لێنەکەویتەوە.

ئەوەی زیاتر ئەمریکا و نێردە دیپلۆماتییەکانی نیگەران کردووە نەك تەقاندنەوەی بۆمبەکانی سەررێگا بەڵکوو ئەو هێرشە موشەکییانەیە کە لە مانگی ئەیلوولدا زیادیان کردووە و لە کۆتاییەکانی ئەیلوولیشدا خەسارە گیانییەکانیشی زیاتر بوون. پێشتر ماتیۆ تولەر باڵیۆزی ئەمریکا لە عیراق رایگەیاندبوو کە "بەردەوامیی هێرشە موشەکییەکان ناچارمان دەکات بە پەیوەندییەکانمان لەگەڵ عێراقدا بچینەوە."[3] نزیکەی مانگێك دوای ئەو قسەیەش، دەرکەوت کە تەنانەت ئەگەری داخستنی باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە عێراق لەدوتوێی قسەکانی تولەردا بووە. لەماوەی هەردوو مانگی ئاب و ئەیلوولدا، بێجگە لە هێرشێك بۆ سەر بنکەی ئاسمانی بەلەد ودەورووبەری فڕۆکەخانەی هەولێر، 18 جار لە بەغدا بە کاتیۆشا هێرش کراوە کە زۆربەیان بۆ ناوچەی سەوز، دەورووبەری فڕۆکەخانەی بەغدا، و بنکەی تاجی بووە. هەبوونی زیاتر لە شەش هێرشی موشەکی بۆ فڕۆکەخانەی بەغدا و دەورووبەری، ئەو بۆچوونە بەهێزتر دەکات کە پێدەچێت ئامانجێکی ئەو هێرشانە "وەدەرنانی ئەو کۆمپانیا بەریتانییە بێت کە ئەرکی پاراستنی فڕۆکەخانەی بەغدای لە ئەستۆدایە، تا بەرەبەرە هاوشێوەی لوبنان و نەجەف کۆنترۆڵی فرۆکەخانەی بەغداش ئاسانتر بێت."

بەڵام ئامانجەکە تەنها فڕۆکەخانەی بەغداش نییە، بەڵکوو پەلاماردانی ناوچەی سەوز و تەنانەت نێردە دیپلۆماتییەکان و بنکە سەربازییەکان لە مانگی ئەیلولدا دەریدەخەن کە "گرووپەکانی موقاوەمە" لە قۆناخی رووبەڕووبوونەوەی ناڕاستەوخۆوە بەرەو رووبەڕووبونەوەیەکی راستەوخۆتر هەنگاویان ناوە.

بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین کە لەدوو مانگی رابردوودا، بە هێرشەکەی سەر فڕۆکەخانەی هەولێرەوە، جوگرافیای هێرشی

میلیشاکان فراوانتر بووە. لە مانگی ئەیلوولدا بنکەی سەربازی تاجی و بەلەد کراونەتە ئامانج و لەوانەیە هێزەکانی هاوپەیمانان لە فڕۆکەخانەی هەولێرش ئامانج بووبن. ئەمەش دەریدەخات کە  تەکتیکی میلیشاکان کە لە مانگی ئابدا زیاتر جەختی لەسەر ناوچەکانی باشوورو بەغدا کردووە، وردە وردە بەرەو باکوور هەڵکشاوە و لە جیاتی کردەوەی تەقینەوەی ئیزعاجکردنی کۆمپانیاکانی گواستنەوە و فڕۆکەخانە، ناوچەی سەوز و بنکە سەربازییەکانیش بە ئامانج کراون.

**گرووپەکانی "موقاوەمە"**

دوای کوژرانی قاسم سولێمانی و ئەبومەهدی موهەندیس لە کانوونی دووەمی 2020،  چەند گرووپێکی  ناو حەشدی شەعبی خۆیان بەگرووپەکانی بەرگری ناساند و لە بەیاننامەیەکدا جەختیان لەوە کردەوە کە ئەمریکا داگیرکارە و دەیکەنە ئامانجی خۆیان. ئەوانیش عەسائیبی ئەهلی هەق، ئەوفیا، جوندولئیمام، نوجەبا، کەتائیبی سەیدوشوهەدا، ئیمام عەلی، سەرایای خۆراسان و سەریای عاشوورا بوون.[4] بەڵام دواتر بە کردەوە هەندێك ناوی دیکە بەرپرسیاریی بەئامانجکردنی بنکە و بارەگا سەربازییە هاوبەشەکانی عێراق و ئەمریکایان گرتە ئەستۆ. ئەم گرووپانەش کە بە ڤێرژنی نوێی گروپە بەرهەڵستکارەکان دەناسرێن گرنگترینەکانیان بریتین لە "عصبة الثائرین"، "أصحاب الكهف" و "قبضة المهدي" و "أولو العزم"[5] و بەمدواییانەش" قوات ذو الفقار" ولیوای" کریم درعم"[6]جەختیان لە درێژەپێدانی هێرشەکان کردۆتەوە. ئەمەش بە نوێترین مۆدێلی حەشدی ئێرانی لەقەڵەم دەدرێن، کە لە ترسی تۆڵەکردنەوەی راستەوخۆ یان بەئامانجگیران و گەمارۆدرانیان، پەنایان بۆ خۆحەشاردان لەژێر ناوی نوێدا بردووە. ئەم مۆدێلە کارکردنە لە گەڕانەوە بۆ تەکتیکی ساڵانی بەر لەکشانەوەی سوپای ئەمریکا و دەرکەوتنی داعش دەچێت کە بە "تیمەکانی مەرگ" دەناسران.

بەگشتی گرووپەکانی "موقاوەمەی ئیسلامی"، سەربە بلۆکی ئێران وحیزبوڵڵا هەژمار دەکرێن و بەگوتار و رەفتاری خۆیان، بەرهەڵستیی ئەمریکا و ئیسرائیل و هەژموونی رۆژئاوایی دەکەن. سەردەمی نوری مالکی دەرفەتیکی زێرینی بۆ بەهیزبوونی ئەو گرووپانە رەخساند. نوری مالیکی لە دووساڵی کۆتایی ویلایەتی دووەمی (2012_ 2014) خۆیدا لە کەرنەڤاڵێکی فەرمیدا لە بەغدا، پاڵپشتیی بزووتنەوەی عەسایبی کرد کە ئەمیندارەکەی پێشترلە گرتووخانەکانی ئەمریکادا تۆمەتی تیرۆری ئاراستەکرابوو. مەرجەعیەتەکەشی کازم حائیری شوێنکەوتەی وەلی فەقیهی ئێرانییە. ئامار و رووپێوییەکانی ئەمساڵیش (2020) دەریدەخەن ژمارەی گرووپە جۆراوجۆرەکانی ناو حەشدی شەعبی لەنێوان ساڵانی (2014-2018) 67 گرووپ بووە، لەو ژمارەیەش شوێنکەوتووانی "عەلی خامنەیی"؛ رابەری ئێران، دەگەنە 44 گرووپ، شوێنکەوتووانی عەلی سیستانی مەرجەعی باڵای شیعەی عێراقیش 17 کۆمەڵ و گرووپن، لە دەرەوەی ئەم دووانەش؛ 6 گرووپی دیکە شوێنکەوتووی مەرجەعی دیکەی ناوخۆ و دەرەوەی عێراقن.[7] ئەمەش وایکردووە کە لەکاتی کردەوەی" گرووپەکانی موقاوەمە" دا کە لەهەناوی هێزە چەکدارییە شیعییەکانەوە دەرکەوتوون، پەنجە بۆ ئێران رابکێشرێت.

دوابەدوای هۆشدارییەکەی مایك پۆمپیۆ، مستەفا کازمی سەرۆکوەزیرانی عێراق دەسبەجێ وەزیری دەرەوەی نارده ئێران تا بۆنی دەمی بەرپرسانی تاران تاقیبکاتەوە. هەرچەند بەرپرسانی ئێرانی بۆ جاری یەکەم ئیدانەی هێرشەکانیان بۆ سەر نێردە دیپلۆماتییەکان کرد بەڵام، خودی رۆیشتنەکەی فوئاد حسێن واتای ئەوە دەدات کە بەرپرسانی بەغداش گومانیان بۆ ئێران دەچێت کە دەستی لە زیادبوونی کردەی گرووپەکانی "موقاوەمە"دا هەبێت. ئەم گومانە لەلایەن موقتەدا سەدریشەوە کە ئێستا بە پاڵپشتیکاری سەرەکیی سەربازیی حکومەت دەزانرێت، بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دووبارە کرایەوە. سەدر داوی لە گرووپەکانی "موقاوەمە" کرد کە بە گوتەی خۆی"موقاوەمە" نەکەنە"موقاوەلە"و بەوجۆرەش ئاماژەی بە هەبوونی دەستێکی دەرەکی لە پشت ئەو رووداوانە کرد. ئەم وتەیە کاتێك سەرنجڕاکێشتر دەبێت کە ئەوە بە بیری خۆمان بێنینەوە کەوا زۆربەی گرووپەکانی "موقاوەمە" پێشتر لە سەدرییەکان جیابوونەتەوە!

ئامانجی درێژخایەنی ئەم گروپانە کۆپیکردن و گواستنەوەی نمونەی حوکمڕانی و ئایندارێی ئێرانییە. جگە لەوەش سەرجەمیان پێداگری لە دەرکردنی سوپای ئەمریکا لە عێراق دەکەن. ئەمەش زیاتر پێداویستییەکی ئەمنیی ئێرانییە وەك لەوەی پرسی هەنوکەیی عێراق بێت. ئەمە دەرەنجامی ئەوەیە کە ئێران هەست بەمەترسی دەکات لەوەی کە چواردەورەکەی بەهێزەکانی ئەمریکا گیراوە. ئەویش لە کاتێکدا کە ئابوورییەکەی زیاتر داتەپیوە و ناڕەزایەتییەکانی نێوخۆ زیاتر لەجاران پەرە دەسێنن. بەمدواییانەش ئامانجێکیتر بۆ ئەو گروپانە زیاد بووە، ئەویش تۆڵەکردنەوەی کوشتنی قاسم سلێمانی و ئەبومەهدی موهەندیسە کە لەسەرەتای 2020 بە هێرشی فڕۆکەکانی ئەمریکا کوژران.

هێرشی گروپە چەکدارەکان بەزۆری لەرێگای موشەکی دوورهاوێژەوەیە کە زیاتر تەکنیکێکی ئێرانییە کە  بەهۆی سستی سیستەمی فڕۆکەوانی سەربازی، تاران ناچارە بە موشەکی زەمینی قەرەبووی بکاتەوە. ئەم هێرشانەش لەیەك کاتدا چەند ئامانجێك دەپێکن:

لەلایەك لەسەرو بەندی هەڵبژاردندا ئیدارەی ترەمپ بەلاوازی پیشاندەدەن. لەلاکەیتریش کێشەیە بۆ مستەفا کازمی درووستدەکەن کە لە هەندێك شوێندا گرفتی بۆ بەرژەوەندییەکانی ژمارەیەك لە فەرماندە محەلییەکانی گرووپە چەکدارەکان درووستکردووە. جگە لەوەش، دەتوانێت نمایشکردنی هێزو بەرگریکردن لەو بەرەیە بێت کە ئێران نوێنەرایەتی دەکات.

بێجگە لەکورد و سوننە کە بەئاشکرا و بەڕاشکاوی دژی ئەم هێرشانەن، لایەنەکانی شیعەش بەیاننامەی ناڕەزایی جۆراوجۆریان دەرکردووە. بەڵام رەنگە سەرجەمیان بەحکومەتی عێراقیشەوە نەتوانن ئەو هێرشانە یان جموجوڵی ئەو گروپانە بنەبڕ بکەن. بەو پێیەی کە قووڵاییەکی ئیقلیمی هەیە و لەلایەن گروپگەلێکەوە دەکرێن کە لەوانەیە لە نێو حکومەت و دامەزراوەکانی دەوڵەتیشدا دەستیان بڕوات. بە ئەگەری زۆر، رەنگە تەنها لێکتێگەیشتنێکی ئیقلیمی یان هێوربوونەوەی گرژی ئەمریکا و ئێران بتوانێت ئەوانە سنوودار بکات. رەنگە هەر ئەوەش پاڵنەر بووبێت کە وەزیری دەرەوەی عێراق بە پەلە خۆی بگەیەنێتە تاران.

وەرگۆڕانی بەریەککەوتنی میلیشیاکان و هێزەکانی ئەمریکا لە رووبەڕبوونەوەیەکی ناڕاستەوخۆی سنووردارەوە بۆ پێکدادانێکی راستەوخۆ، کاریگەری لەسەر هەرێمی کوردستانیش دادەنێت. تەنانەت ئەو وەختانەی کە ئێران لە وەڵامی کوژرانی قاسم سولێمانی دا چەند موشەکێکی بەرەو هێزەکانی ئەمریکا لە ئەنبار تەقاندبوو، دووانیشی بە هەرێمی کوردستانەوە نابوو. ئەمەش پەیامێك بوو کە هەرێمی کوردستانیش بەشێك دەبێت لەو ململانێیەی کە لە نێوان ئەمریکا و ئێران دا هەیە. رووداوەکەی 30ی ئەیلوولیش کە تێیدا شەش موشەك لە دەشتی نەینەواوە بە دەورووبەری فڕۆکەخانەی هەولێرەوە نرابوون، پێشهاتیکی مەترسیدارە کە دەریدەخات چۆنچۆنی هەرێمی کوردستان لەناوجەرگەی هەرجۆرە پێکدادانێکی گریمانەییدا دەبێت، ئەگەر رووبدات.

**ئەنجام**

لەوانەیە کەم کەس لاریی هەبێ لەوەی کە بەشێکی زۆری گرووپەکانی "موقاوەمە" لە هەناوی حەشدی شەعبییەوە دەرکەوتوون. هۆکارە ئایدۆلۆژی وعەقیدەتییەکانیش وادەکەن کە ئەو گرووپانە، ئاسانتر بتوانن لەنێو گرووپە جیاوازەکانی حەشدی شەعبیدا رێکخستنی نهێنی-نایاسایی دروستبکەن. نزیکترین بنکە و بارەگاکانی حەشدی شەعبی بە هەولێر کە زۆرێك لە نوینەرایەتییە دیپلۆماتییەکان وهێزەکانی هاوپەیمانانی لێیە، لە مەخموور و دەشتی نەینەوایە. بە گشتی وا مەزەندە دەکرێت کە 22 بنکە و بارەگایان لەو ناوچانە هەبێت.[8] بۆیە گرنگە هەرێمی کوردستان هەماهەنگییەکانی لەگەڵ حکومەتی عێراقی زیاتر بکات بۆ چاودێریکردنی زیاتری جموجۆڵە سەربازییەکان لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم. بە دیاریکراویش داوای رێکخستنی زیاتری کاری گرووپەکانی حەشدی شەعبی لە دەشتی نەینەوا و مەخموور بکات.

باشتروایە گوتاری رەسمی هەرێمی کوردستان نەك بە ئامانجگرتنی هەموو حەشدی شەعبی، بەڵکوو رێگرتن لە کردەوەی گرووپەکانی"موقاوەمە" بێت لە کوردستان. چوونکە یەکەم ئەوانە ناوی حەشدی شەعبی بەکارناهێنن و دووەمیش ئەوەیە کە هەموو حەشد یەکدەست و یەکجۆر نین.

خاڵێکی دیکەش ئەوەیە کە لەوانەیە گرووپەکانی" موقاوەمە" بۆ کەمکردنەوەی گوشارەکان لەسەر خۆیان، وەك مەیدانێکی نوێ تەماشای هەرێمی کوردستان بکەن و لە رێی دوور و نزیکەوە هەوڵی ئاڵۆزکردنی دۆخی ئەمنی بدەن. ئا لەو بوارەشەوە، زیاد کردنی هەماهەنگییە سێقۆڵییە ئەمنییەکانی هەرێم- هاوپەیمانان- و بەغدا بایەخێکی زۆری هەیە.

[1]- زانیارییەکانی ماوەی نێوان 30ی تەمووز هەتا 1ی تشرینی یەکەمی ئاژانسی هەواڵی عێراقییەمان شیکردۆتەوە.

[2] https://www.nbcnews.com/news/military/attacks-u-s-troops-iraq-have-increased-says-u-s-n1239863

[3] _ https://www.rudaw.net/sorani/middleeast/iraq/010920205

[4]
https://iraqi24.com/news/%D9%A8-%D9%81%D8%B5%D8%A7%D8%A6%D9%84-%D8%AA%D9%87%D8%AF%D8%AF-%D8%A7%D9%84%D8%AC%D9%8A%D8%B4-%D8%A7%D9%84%D8%A3%D9%85%D8%B1%D9%8A%D9%83%D9%8A-%D8%A8%D9%80-%D8%AC%D8%AD%D9%8A%D9%85-%D8%B9%D8%B1%D8%A7%D9%82%D9%8A-%D9%88%D8%AA%D8%B5%D9%81-%D8%A7%D9%84%D8%B2%D8%B1%D9%81%D9%8A-%D8%A8%D9%80-%D8%A7%D9%84%D8%B9%D9%85%D9%8A%D9%84

[5] موقع الحرة (17/4/2020)، الميليشيات الوهمية لعبه إيران الجديدة فى العراق، https://www.alhurra.com/iraq/2020/04/17/ (متاح: 1/7/2020).-

[6]_ https://www.rudaw.net/arabic/middleeast/iraq/270920202

[7] -Staff writer, How Iran the Mideast's new superpower, is expanding its footprint across the region _ and what it means, monitor,
https://www.csmonitor.com/World/Middle-East/2017/1217/How-Iran-the-Mideast-s-new-superpower-is-expanding-its-footprint-across-the-region-and-what-it-means؛هشام الهاشمي (1/7/2020)، الخلاف الداخلي في هيئة الحشد الشعبي، مركز صنع السياسات للدراسات الدولية والاستراتيجية، http://www.makingpolicies.org/ar/posts/internal-dispute-in-alhashd-alshaabi.php?fbclid= (متاح: 5/8/2020). _

[8] _ https://www.washingtoninstitute.org/policy-analysis/view/the-shia-militia-mapping-project